www.kurdistannet.org
19-2-2003 12:56

# لەدواى كردنەوەى پێگەكان

**نەجات روستى**

rosti@maktoob.com

نزيكەىحەوت ساڵێكە گوێمان لە بێژەرە تورەكانى راديۆكانىنێوخۆوناوەندى نابێت باس لەكەپكى حەمەد ئاغا، رێگاى هاملتۆن وچەندين گردۆلكەى ترنابێىكە چەندين لاوى كورد لە سەر هيچ خوێنيان بەناهەق لەپێناوكورسى رژا ئەم سەردەمەبەسەر چوو وەك دايكم ووتەنى رەبى قەت نەيبيينينەوە. لە ماوەى حەوت ساڵى ڕابردوو، زەمەنى ئاشتەواى بەهێواشى دەرۆيشت بەتايبەتىبۆ پێكەوە ژيانى تاكەكانى نێو كوردەوارى، دواجار نزيك بووينەوەلەو وێستگەيەى كە كوردان چاوەڕوانى يان دەكرد، لە ناوەڕاستى مانگى شوبات بارەگاو پێگەكانى هەردوو لايەنى ناكۆك لە شارەكانى ژێر دەسەلاتى يەكتريان كرانەوە. بەم هەنگاوەش جارێكى تر گەلى كورد متمانەيەكى تريان دايەوە ئەودەسەلاتەى كە كاروبارەكان بەڕێوەدەبا. ئەوگەلەىلە چەند رۆژێكى كەم دا لە بەهارى (91) تەواوى دەزگاو پێگە داپلۆسێنەرەكانى رژێمى جينۆسايدوئەنفاليان لە تەواوى كوردستان وەدەرنا، جارێكى تر ئێمەو ئەوان ئەم وئەوان، هەموومان دەست لەملانى ئازادى كوردستان بووين، شارو لادێيەكان سيمايەكى نوێيان بەخۆوەبينى، لەئەم باروزروفە ناسكەش جارێكىتربەرگێكى تريان بەبەركرايەوە، خەريكە گيانى كوردايەتى جارێكى تر لەنێو لاوان ڕەگى خۆى دادەكوتێتەوە، مەجليسە خۆشەكانى پياوانى بەسالاچوو بەووشەى كوردايەتىو كوردپەروەرى بەجۆشتروگەرمتردەبێتەوە، دايكى شەهيدان چيتر لەرشتنى خوێنى رۆڵەكانيان پەنجەى پەشيمانى ناگەزنەوە، بەدانانو كردنەوەى پێگەى پارتە ناكۆكەكان، بارودۆخى كوردستان پێ دەنێتە قۆناغێكى نوێ، بۆيە پێويستە سەرانى هەردوو پارتەكە لەمەودوا، دەبێت ژيرانەو هێمنانە هەڵسو كەوت لەگەڵ سياسەتى دەرەوەو ناوەوەى كوردستان بكەن. كادرەكانيان وەها ڕابێنن كەبەرژەوەندى تەسكى حزبايەتى بەلاوە بنێنو بەچاوێكى باڵاوە سەيرى كێشەى ڕەواى كوردەوارى بكرىَوبەئاگابن لەكارتێرۆريسەكانى گروپە بەناو ئيسلاميەكانو جارێكى تر دەرز نەخەنەوە نێو ڕيزى ئەو دووپارتە، چونكە بەكۆك بوونى هەردوولائەو گروپە بەكرێ گيراوانە نەخشەكانيان دەبنەوە بلقى سەرئاو ناتوانن زەفەر بەتێكدانى ئەو كەشە ئازادە بەرن كەبەخوێنى هەزاران شەهيد گەلاكانى چرۆى كردووە، تا ئەو كاتەى حكومەتێكى يەككرتوو دادەمەزرێ هەردوولايەن بەشێوەيەكى نيشتمان پەروەرانە هاوكارى هەردوو ئيدارەكە بكەنو لەهەر كوێيەك هەستيان بەپيلانى ناحەزان كرد.

لايەنى دەسەڵاتدارئاگادار بكەنەوە بەمەش پێگەكان زياتر فراوان دەبنو زياترجەماوەريان لەدەور كۆدەبێتەوە، تائەو كاتەى خەڵكى لەدوو ئيدارەى بێزار دەبنو گەل خۆى بڕيارى يەككرتنەوەى هەردوو ئيدارە ئەدات بىَ گومان ئەمەش لەگەل پێشهاتە نزيكەكانى ناوچەكە دەبێتە ئەمرێكى واقعى.

### تێبينى كوردستان نێت:

مەرج نيە ئەم نووسينە لەگەڵ بيرو بۆ چونى نەتەوايەتيماندا بێت، كە بۆچونى (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆى بڕوا بوونمان بە ئازادى دەربڕينەوە، بڵاويدەكەينەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەويستيماندا بۆ پارێزەرانى بيرى نەتەوايەتى و خەباتكارانى ئەم ڕێگەيە.

ئەم تێبينيە لە ژێر هەموو نووسيتێكدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15